# مۆدێرنیزم و سیاسەت

نووسینی / د.کریستۆفیر ویتکۆمب
وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە / نالە حەسەن




لە قۆناغی نێوان جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم دا , مۆدێرنیزم لە گەشەکردنی بەردەوام دابوو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی . بەلأم ئێستا لەگەل زۆرێک لە کایە و نیۆەندی تر تێکەلأو بووە .
هونەرمەندە تەشکیلیە پێشکەوتووەکان چالاکانە لایەنگریان لە شۆرشە سیاسیەکان کرد . بۆ نموونە ( پابلۆ پیکاسۆ ) لە سالی 1944 دا دەچێتە ریزی پارتی کۆمۆنیست , وەک زۆرێک لە هونەرمەندەکاتی تر . لەوکاتەدا شۆرشی روسیا دەرکەوتبوو . ماوەیەک دوای ئەوە , دەبووایە وەلأم بە خەونە پێشکەوتووەکانی مۆدێرنیزم بداتەوە .
کۆمۆنیزمی مارکس بوێرانەترین هەولدان بوو بۆ داهێنانی کۆمەلگەیەکی باشتر وە پیگەیاندنی دیمەکراسیەک , نەک وەک ئەم دیموکراسیە سیاسیەی لە ولأتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەبوو , بەلکو دیموکراسیەکی ئابووری لە شیۆەی ئابووریەکی یەکسان دا .
بیری کارل مارکس کاریگەری هەبوو بەسەر بزووتنەوەی سوریالیستەکان دا وە لە ژێر ئەم کاریگەریەدا بەرەو پێشەوە چوون . یەکێک لە قسەکانی ( سلفادۆر دالی ) کە دەیگوت " شۆرش لە ویژدان دایە " .
کۆمۆنیزم روانینێکی نێونەتەوەیی بە ئازادی بەخشی و بیروباوەری ئازادی رەنگرێژ کرد .لە ژێر دەسەلأتی ستالین دا , بە هەرشیۆەیەک بێت ئەم ئازادی یە زۆر بە توندی ریشەکێش کرا . مۆدێرنیزم پیّ ی داگرت و خۆی راگرت , بەلأم دواتر لە چوارچیۆەی فۆرمێک لە قالب دراو کۆنترۆل کرا . ئەم فۆرمە لە ئاستی گشتی ناونرا سۆشیال ریالیزم .
مۆدێرنیزم لەگەلّ کۆتایی هاتنی دەسەلأتی سیاسی هیتلەری نازی ئەلمانی , جارێکی تر بووژایەوە . جەنگی جیهانی یەکەم گەشەی مۆدێرنیزمی تووشی واق وورمان و سەرسووران کرد وە " 10 " سالّ دوای جەنگی جیهانی دووەم لەوە گەیشتین کە بە چ شیۆەیەک بەرەو نەمان رۆیشتووین .
جەنگی جیهانی دووەم , زۆر کاریکەرانە رۆحی مۆدێرنیزمی ویران کرد . دوای ( ئۆسویچ ) , ( تیۆدۆر ئەدۆرنۆ ) داوای ئەوەی کرد " هەر هونەرێک مافی ئەوەی هەیە بمێنێتەوە و بژییّ .
هۆلۆکۆستی نازی خەونەکانی مۆدیرنیزمی بچووک کردەوە تا ئاستی خۆلەمێش . خەلکە هۆشیارەکەی ئەلمانیا دوای ئەوە چالاکانە بەشدارییان لە دەستپیکردنەوەی مۆدێرنیزم کرد .
لەگەلّ بنەمای چەرخی رۆشنگەری دا , ئەگەری ئەوە کرا کە ئەم هونەرە ئاستی تواناکانی خەلک باشتر دەکا , وە دبێتە زەمانەتێکی کاریگەر بۆ بەخۆداهاتنەوە . وە دەیانگووت ئەم فۆرمەی بۆ خویندنی ئەم هونەرە دانراوە خودبەخود دەبێتە شیۆە فێرکردنێکی پوخت . بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەمە , فێربوون

و تیگەیشتن بە هونەر تەنها خزمەت بە باشتربوونی تواناکانی قوتابیان دەکات . بەڵام ئەیا ئاستی هۆشیاری خەڵک دەباتە سەر .. ؟ هونەرمەندەکان و مێژووی هونەر و چاودێری هۆڵەکان و رەخنەگرەکان , کەمێک ئەوەیان دەست نیشان کردووە کە کێن ئەوانەی هەموو رۆژە سەروکاریان لەگەڵ هونەردا هەیە . ئەیا ئەوانە نموونەیی و جیاوازن , باشترن لە کەسانێکی تر کە هونەریان نەخوێندووە .. ؟

ئێمە وەک ئەوەی بینیوومانە , چەرخی رۆشنگەری رەگەزی مرۆڤی وێنا کرد , گەشە و پێشکەوتنی پێ بەخشی و ووریا و هۆشیاری کردەوە وای لێکرد خودی خۆی بناسێ . کە پێیان وابوو ئەمە هۆکارێکە بۆ رۆیشتن بەرەو راستی وە مەعریفەی راستی رەگەزی مرۆڤایەتی باشتر دەکا . وە ئەم بیروباوەرە ئەوە بنچینەی بیرۆکەیەکی گشتی یە بۆ مۆدێرنیزم , وە ئەمانجەکەش بەدیهاتنی دنیایەکی نوێ بوو .

**سەرچاوە :**

**Internet_**

**Modernism**

**Christopher L.C. E. Witcombe**

http://witcombe.sbc.edu/modernism/politics.html